# عێراق دەسیەکی نەودەوڵەتیی بردەوە و لە پێدانی 120 ملیۆن دۆلار ڕزگاری بوو



ئەمڕۆ یەکشەممە ، وەزارەتی دادی عێراق ڕایگەیاند، تواناییانە لە دادگاکانی ئەمریکا سەرکەوتن بەسەر کەمپانیایەکی ئەمریکیدا بەدەست بهێنن و عێراق لە دانی بڕێ پارەیەکی زۆر ڕزگار بکەن.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکی وەزارەتی داد، کە دەستی ئاژانسی هەواڵی موتەوە کەوتووە،تیایدا هاتووە : وردەکاریی دەسیەکە بریتی بوو

لە لایەنی سکاکار،کە کەمپانیای (Oak-Y)ـی ئەمریکی بوو ، بڕیاری گرێبەستێکی پشووەو، سکاکای لەسەر حکومەتی عێراق و وەزارەتی بەرگری تەمار کردبوو،تیایدا لە ساڵی 2019 دادگای ئەمریکا بڕیاری دابوو عێراق زیاتر لە 120 ملیۆن دۆلار وەک قەرەبوو و سوود (فائیز) بداتە کەمپانیاکە.

وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە : بڕیاری کۆتایی دوای تاندان لەلایەن تیمی یاسایی عێراقەو، لە بڕواری 16-9-2025 دادگا بڕیارەکەی لە بەرژەوەندیی عێراق یەکلا کردەو و بڕیاری پابەندکردنی عێراقی بە دانی ئەو پارەیە هەڵوەشاندەو.

هەر بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە : وەزارەتی داد ئەم بڕیارەی بە دەستکەوتێکی یاسایی گەورە بە پاراستنی سامانی گشتی وەسف کردووە.